# له"قانون گەرایی"یەوەتا "مقاوەمەچی‌یان" دووتاکتیك و دووبالی رەشی ئیسلامی سیاسی



خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk

جەنگ و رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردووی شارەکانی ناوەراست و خواروی عیراق، ئەلقەیەکی تازەی لە بەردەم بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا کردەوە. چالاکبوونەوەی تاقمکەی صدرو "جیشی مەهدی" تا حیزبی ئیسلامی و مەجلیسی ئەعلا وکۆبوونەوە کانیان لەگەل سەروك عەشیرەت وکاربەدەستانی ئەمریکادا بەرۆشنی شیوەکانی هەلویستی ئیسلامی سیاسی لە سەر مەسەلەی دەسەلات و وەلامی ئەم بزوتنەوەیە بەئەوزاعەکانی ئیستای عیراق دەخەنەروو. بەلام ئەگەر لەسیستانی ومەلای مزگەوتەکانەوە تا ئەفەندی‌یە ئیسلامی‌یەکانی نیو مەجلیسی حوکم، لەموفتەدا صدر و"حەوزەی علمی‌یە"و مەراجعە سوننەی‌یەکانەوە تا ریزی ورد ودرشتی دەستەو تاقمی ئیسلامی و تیرۆریستی کەسەریکیان بەجمهوری ئیسلامی ئیران وسعودیەوە بەندە وسەریکی‌تریان بە"بنلادن" وپاشماوەکانی تالیبانەوە.. لیستیکی فراوان لەلایەن و پیکهاتەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا بخەنە بەرچاو، ئەوا رووداوەکانی ئەم دوایانە بەکردەوە نیشانی‌دا هەموو ئەوانە لەبەرامبەر مەسەلەی دەسەلات وچۆنیەتی داسەپاندنی بەدیلی ئیسلامی، لەدەوری دووبال و دوو ریبازی سیاسی و تاکتیکی تەوەرەیان بەستووە. ئەم ریبازو تاکتیکانە چین؟ ئیسلامی سیاسی بەگشتی چ ئستراتیژیەکی لەباروردۆخەکانی ئیستای عیراقدا بەکردەوە دەرهیناوە؟ دیاردەی یەکبوون و جیاوازی‌یە دەرونی‌یەکانی ئیسلامی سیاسی لەسەر چی‌یە؟ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق چ هەلویستیك لەم تاکتیکانەو بالە جیاوازەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی دەگری؟ بەلام سەرەتا با سەرنجیك لەخودی زەمینەکانی دیاردەی چالاکبوونەوەی دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی لەئیستای عیراق بدەین:

"دوای صدام" پەرەگرتنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەعیراق:

سەرهەلدان وپەرەگرتنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی و دەسەتەو تاقمەکانی لە عیراق، ئەگەرچی راستەوخۆ بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەمریکا وئاکامیك لەجەنگ وداگیرکاری‌یە کەلەلایەن ئەمریکا وهاوپەیمانانی‌یەوە پەیرەوی لیکرا، بەلام دیاردەی ئیسلامی سیاسی وکیشمە کیشەکانی لەعیراق، پیشینە وچوارچیوەیەکی جیهانی و ناوچەیی هەیە. لەباری میژوویی‌یەوە سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسی وگروپەکانی لەدوو دەیەی رابردووداو بەدوای شکستی ناسونالیزم وناسیونالیزمی عەرەبی وپرۆژەی مودیرنە کردنی سیستەمی سیاسی پەرەگرتنی هەژاری و نەداری لەسەر زەمینەکانی قەیرانیکی ئابووری و بنبەستی بەرنامەی دەولەت لەوولاتانی رۆژهەلاتدا، لەوانەش عیراق وەك پرۆژەیەکی سیاسی لەلایەن رۆژئاواوە، بۆ بەرەنگاری نارەزایەتی کۆمەلایەتی چینی کریکارو چەپ و کۆمۆنیزم و رادیکالیزمی کۆمەلگا لەم ولاتانەداو هاوکات بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەل بلۆکی رۆژهەلات، بەدەستەوەگیرا. بەلام رووخانی بلۆکی رۆژهەلات و یەکقوتبی بوونەووی دنیا و سەرهەلدانی ئیستراتیژی نەزمی نوی‌ی جیهانی لەلایەن ئەمریکاوە، پەیوەندی ئیسلامی سیاسی چ وەك بزوتنەوەیەك و چ وەك دەستەو تاقم و پیکهاتووە ئایدیۆلۆژی‌یەکانی لەگەل دەولەتانی رۆژئاوادا، بردە قۆناغیکی تازەوە کەمەسەلەی دەسەلاتداریتی و داواکردن بۆدیاری کردنی سەهمی قودرەت لەئاستی ناوچەیی وجیهانیدا کردە مەیدانیکی سەرەکی کیشمەکیشە سیاسیی‌یەکان. بەتایبەتی بەدوای بەدەسەلات گەیشتنی ئیسلامی سیاسی لەئیران و هیزگرتنی لەبەشیکی زۆر لەولاتانی رۆژهەلات ودواتریش هاتنە سەرکاری حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان، ئیسلامی سیاسی لەدیاردەیەکی ناوخۆیی ئەم ولاتانەوە بەرووە کیشمەکیشیکی جیهانی بەداوای پیناسەکردنەوەی ناوچەکانی نفوز وئارایشتدانەوەی دنیا لەبەرامبەر ئەمریکاو رۆژئاوادا هەلکشا. رووداوی 11سیپتەمبەر لیدانی زەنگی جەنگیکی جیهانی بوو کەئیسلامی سیاسی بۆئەم دەعوایەو ئەم ئیستراتیژی‌یە لەخوی نیشاندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وبەم جۆرەش جیهانی لەنیو کیشمە کیش و پەلامارەکانی دوو قوتبی تیرۆریستی دەولەتی و نادەولەتیدا راگرت.. بەلام شکستی تالیبان لە ئەفغانستان نەك هەر زەبریکی گەورەی لە ئیسلامی سیاسیدا، بەلکو زەمینەکانی ئەوەی بۆ ئەمریکا پیکهینا تا جاریکیتر ئیستراتیژی نەزمی نویی جیهانی لە ژیر دروشی"جەنگ لەدژی تیرۆر" بۆ ئامانجی یەکلا کردنەوەی کیشەکانی خۆی لەئاست رۆژهەلات و رۆژئاوادا بەدەستەوە بگری و لەم نیوەشدا عیراق وەك مەیدانیکی گونجاو بۆ ئەم ئامانجە دیاری بکا.

سەرەتا بەمەبەستی داتاشینی "ئۆپۆزسیۆن و بەدیلی رژیمی بەعس"، دەستی دەستەو تاقمی ئیسلامی و مەلاو شیخ و ئایەتوللاکانی دەرەوەی ولات گیراو ئیمکاناتیان خرایە ئیختیارەوە، پاشان لەگەل دەست پیکردنی جەنگ وروخانی رژیمدا، مەجلیسی حکومیان لیپیکهینراو لەژیر چەتری دەسەلاتی عەسکەری ئەمریکادا کرانە نوینەری خەلکی عیراق. بەلام ئەمریکا لەریگای جەگەوە تەنها رژیمی بەعسی نەرووخاند، بەلکو سەرتاپای پیکهاتووەکانی دەولەت وبناغەکانی کۆمەلگای مەدەنی عیراقی بەیەکجاری دارماندو ریگای کردەوە بۆ سەرهەلدانی سیناریۆیەکی رەش و بەخەبەر هاتنی لیستکی فراوان لەدەستەو تاقمی ئیسلامی کەلەژیر سایەی حەملەی ئیمانی و دروشمی"الله اکبر" وشەریعەت وشەبەکەی مزکەوتەکانی ژیر سایەی رژیمی بەعسدا خەوتبوون. لەوەش زیاتر جەنگ دەرگای سنورەکانی بەرووی "جەنگاوەرانی ئیسلامی" و گروپە ئیسلامییەکاندا کردەوە تا لەنیو ئەم هەلومەرجە تازەیەدا فرسەتی گویزانەوەی جەنگی ئیسلامی سیاسی بۆ بەشکست کیشانی ئەمریکا و هیزەکانی لەعیراقدا بەناوی "بزوتنەوەی مقاوەمەتەوە" وەك میحوەریك لە ئستراتیژیەکی جیهانی بەدەستەوەبگرن و لەم جەنگەشدا ریزببەستن.

دوتاکتیکی ئیسلامی سیاسی و مەسەلەی دەسەلات:

دیاردەی چەند دەستەیی و فرە گروپی ئیسلامی سیاسی لەنیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا، ئەگەرچی نیشانەیەك لەناتەبایی و جیاوازییە دەرونییەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەخاتەوە روو، بەلام بەپیچەوانەی ئەو بۆچوونەوە کەئەم جیاوازی و ناتەباییيانە، دەباتە نیو تەقسیماتی مەزهەبی و ریباز و مەکتەبە فکرییەکانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییەوە ولەویدا بۆ دووری و نزیکایەتی نیوان فیرقەو تاقمەکانی ئیسلامی سیاسی دەگەری، ئەم دیاردەیە حالەتیکی سیاسییەو راستەوخۆ لەپەیوەند بەمەسەلەی دەسەلات و چونیەتی جیخستنی ئالتەرناتیڤی ئیسلامییەوە مانا پەیدادەکات. بەتایبەتی کە ئیسلامی سیاسی لەدنیای ئەمرۆدا نەبزوتنەوەیەکی "تەبشیری " سەردەمانی "ئیسلامی محمدی"یە تا بۆ داکۆکی لەتاکخوایی بەئایدیۆلۆژیای دینییەوە کیشەی پەرشوبلاوی تیرەکانی نیوە دورگەی عەربی کۆتایی پیبینیت، وەنە بزوتنەوەیەکە کەبەدوای تەواوبوونی خەلافەتدا قەیرانی "دەسەلاتداریتی ئەمەوی" لەریگای بالادەستکردنی یەکیك لەمەزهەبەکانەوە چارەسەرکات، بەلکو ئیسلامی ئەمرۆ بزوتنەوەییەکی سیاسی بۆرژوازی دەمارگیرو خویناویە، کەتائەوپەری دژی ئینسانیەت و مەدەنیەت و مۆدیرنیزم وپیشکەوتن خوازیە. بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆرژوازییە کەئالای ئیسلام و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی هەلبریوە و گەرەکیەتی لەریگای تیرۆریزم و کوشتاری کویرانەوە لەنیو قەیرانە سیاسییەکانی سەردەمداو لەململانییدا لەگەل بالەکان و مەیلە بۆرژوازییەکانیتری نیو دنیای سەرمایەداری سەردەمدا بەدەسەلات بگاو کۆمەلگای هاوچەرخ بەپیی ئالتەرناتیڤی رەشی خوی لەقالب بدات. ئەم بزوتنەوەیە لەعیراقی دوای رووخانی رژیم و نەمانی دەولەت، کەمەسەلەی دەسەلات و حوکمرانی کردۆتە میحوەری کیشمەکیش و پیکدادان وریزبەستن و دورکەوتنەوەی سەرجەم بزوتنەوە و هیزەسیاسییەکان، راستەوخۆ لەبەرامبەر دەسەلاتی سیاسیدایەو لیرەشەوە تەبایی ریزەکانی و یەکیتی و دورکەوتنەوەی بالە مەزهەبی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئاراستەدەکات. بەلام ئەوەی کەئەم بزوتنەوەیە لەبەرامبەر کام واقعیات و کامە هیزەدا راوەستاوە، هەرئەوەش بناغەی گرتنەبەری شیواز وتاکتیکەکانی گەیشتن بەدەسەلات بۆ ئەم بزوتنەوەیە دیاری دەکات.

ئیسلامی سیاسی و پیکهاتەکانی بزوتنەوە هیزیك نین کە بۆوەلامدانەوە بەژیان وئەمنیەت و ئازادی و هینانەدی کۆمەلگایەکی خۆشگوزەران و دەربازکردنی کۆمەلگا لەبیدەرەتانی ئیستا لەمەیداندابن، بەلکو ئەمانە وەك بەشیك لە سینارۆی رەشیئیستا، لەقولکردنەوەی ژیانی بیدەرەتانی و جەنگ و کوشتارو نائەمنی و تیکدانی ژیانی مەدەنی خەلکدا دەوریان هەیە، ئەمانە بزوتنەوە و هیزیکن لەبەرامبەر مەوجودیەتی ئەمریکاو داگیرکارییەکەیدا، خۆیان پیناسەکردووە و هەرئەمەش ناوەرۆکی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چالاکی سیاسی و فەلسەفەی وجودییان دیاری دەکات. بەواتایەکیتر وەلامدانەوە بەو پرسیارەی کەبەچ ریگایەك و بەکام شیوە دەتوانری ئەمریکا وەدەربنری و کۆتایی بە "ئیحتلال" بهینری، چوارچیوە وبناغەی ئەوە دادەمەزرینی کەکام گروپ وتاقمی ئیسلامی و کام مەزهەب و مەرجەعی ئاینی و تەنانەت کام یەك لەمەلاو کەسایەتی ئاینی لەپال یەکدا دەبن وەیا دەکەونەبەرامبەر بەیەکەوە. بەم جۆرەش هەلویستگرتن لەمەوجودیەتی ئەمریکاو داگیرکاریەکەی سەرچاوەی ریباز وتاکتیکەکانی گەیشتنی ئیسلامی سیاسی بەدەسەلات دیاری کردووە. لەمبارەوە دووبالی "قانون گەرایی" و "مقاوەمەچیتی" وەك دوو ریباز ودوو تاکتیك بۆ جیاکردنەوەی هیلەکانی یەکگرتن و دورکەوتنەوەی دەستەو تاقمەکانی ئیسلامی سیاسی وسەرەنجام پیکهاتە ئایدیۆلۆژیەکانی لەنیو بارو دۆخەکانی ئیستای عیراق بۆ برانەوەی دەسەلات ئاراستە کردووە.

"قانونگەرایی" و "مقاوەمەچییان"

بالی"قانونگەرایانی ئیسلامی" لەورووەوە نییە کەلایەنەکانی نیو ئەم رەوشتە لەپشتی قانونەوە راوەستاون، وەیا خاسیەتەکانی حیزبیکی قانونییان لەخۆ گرتبی وبیانەویت بەریگای قانونی، لەچەشنی ئنتخابات ودەنگدانەوە بگەنە دەسەلات، بۆچوونیکی ئاوا بۆ "قانونگەرایانی ئیسلامی" بیمانایە، بەتایبەتی کەنەئیسلامی سیاسی ئەم خاسیەتەی هەیە ونەبارودۆخەکانی ئیستای عیراقیش ئەم شیوازەی لەبەردەمدا دادەنی. کۆمەلگای عیراق کەغەرقی سیناریۆیەکی رەشەو نەدەولەت و وەنە قانونیك لەگوردایە، ریگای ئەوەی لەئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمەکانی بریوە کەلەژیر فشاری هیزە ناوخۆیی ودەرەکییەکاندا بەناچار مل بە"پرۆسەیەکی دیموکراتی" وقانونی بدەن، بەلکو ئەوەی ناوی "قانونگەرایی" بەم رەوشتە دەبەخشی راوەستانی هەموو ئەو دەستەو تاقم و لایەنانەی ئیسلامی سیاسیە کەلەکەنار ئەمریکادا و لەژیر چەتری "ئیحتلال" ولەریگای خۆساچاندن و تائیدو بردنەپیشەوەی پرۆژە سیاسیەکانی ئەمریکادا گەرەکیانە بەدەسەلات بگەن. ئەمانە هەرلەسەرەتاوە ئەم سیاسەتی راوەستانەیان لەپال ئەمریکادا، بەباسی ناهاوتایی تەوازی هیزەکان تەبریرکرد و رایان گەیاند کەدەورەی ئیستا دەورەی "خەباتی چەکداری نییە لەدژی هیزەکانی ئەمریکا" وبەمجۆرەش چاویانبریە رەوتی قانونی "گویزانەوەی دەسەلات" ومامەلەی نەخشەکانی ئەمریکا کەلەپەیوەندیە نیودەولەتیەکانەوە جیگای باسە. بەشداری لەمەجلیسی حوکم و قبولکردنی کابینەی وەزارەتە پیشنیارکراوەکانی ئەمریکا تاگیرانی دەوری ئیستشاری بۆ هیزەکانی ئیحتلال لەهیورکردنەوەی نائارامییەکاندا و تەنانەت دەرکەوتنیان وەك وەفدەکانی مفاوەزە ولیك نزیك کردنەوەی "یاخیبووەکان" لەدەسەلاتدارانی ئیحتلال، ئەو ریبازو تاکتیکەیە کەبەرەیەکی نا راگەیاندراوی لەچەندین دەستەوتاقمی ئیسلامی جیاوازی شیعەو سوونە ریکخستووە، بەرەیەك کەدەتوانی لە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و کەسایەتی وەك بحرالعلومەوە بگریتەخۆی تا دەگات بەحیزبی الدعوە و حیزبی ئیسلامی عیراقی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و چەندین مەلای مزکەوت و عولاما ومەراجعەدینییەکان..بەواتایەکیتر ئەمانە راوەستان لەپشتی ئەمریکاو"ئیحتلال"ەوە دەسەلاتی قانونی دەبینن بۆ ئیسلامیزە کردنی کۆمەلگا، بەتایبەتی "ئیحتلال" ودەسلاتی عسکری ئەمریکا، تەنها سەرچاوەیکی قەهریە کەقانونی سەردەمانی بیدەولەتی بۆ برانەوەی دەسەلات و هینانەکایەوەی دەولەتی بەدەستەوە گرتووە. قانون گەرایانی ئیسلامی سیاسی کەزۆرجاریش بەناوی دیموکراسی و پلورالیزمی سیاسی و تەبایی مەزهەب و قەومەکانەوە دەدوین، لەدوو ئاراستەدا بۆداسەپاندنی ئالتەرناتیفی ئیسلامی کاردەکەن : یەکیکیان ئەوەی کە ئەمانە لەمەجلسی حوکمدان رەوەتی بەئیسلامی کردنی کۆمەلکا لەهینانی قانونەوە دەبەنەپیشەوە، پیشنیارکردنی یاسای 137 وجیگیرکردنی شەریعەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەیەك بۆ یاسای کەسایەتی و پاشان جیگیرکردنی ئیسلام لەدەستوری کاتی ولات ... نمونەکانی ئەم ئاراستە قانونییانەیە. دووەمیشیان ئەوەی کە ئەمریکا دامەزراندنی دەولەتی جیی نیازی خۆی لەپرۆژەیەکی قانونیدا بەناوی" گویزانەوەی دەسەلات بۆعیراقیەکان" خستۆتە دەستورەوە ریگای داوەبەم بالە لەئیسلامی سیاسی تالەم چوارچیوەیەدا بۆ برانەوەی کیشەی دەسەلات لەعیراقدا ریباز وتاکتیکی "قانونی" بگریتەبەر. .

"مقاوەمەچییان"، ئەم بالە کەلەموقتەدا صدر و جەیشی مهدیەوە تا ئەنصار الاسلام و لایەنگرانی بنلادن ودەستەوتاقمەکانی سەربە جمهوری ئیسلامی ئیران و حیزبولای لوبان دەگریتە خۆی، ریزی پیشەوەی قوتبی تیرۆریزمی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیسلامی لەبەرامبەر تیروریزمی ئەمریکادا شکل پیداوە. ئەمانە هەویەتی سیاسی و پراتیکی‌یان لەبەرامبەر وجودی ئەمریکاو دیاردەی "ئیحتلال" دا تاکتیکی دریژدان بەجەنگ و بەرینکردنەوەی تیرۆروتەقاندنەوە وخۆکوژی ، تا ئینسان دزین و تیکدانی یەکجاری ئەمنەیەتی کۆمەلگایان لەژیر ناوی"موقاوەمەی ئیحتلال"دا کردۆتە شیوازیك بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی رەشیان. بەلام بەپیچەوانەی بالی "قانونگەرایان"ی ئیسلامی‌یەوە " مقاوەمەچی‌یان" لەریگای سواربوون و بەلاریدابردنی بیزاری و نارەزایەتی‌یەك کەخەلکی عیراق لەبەرامبەر داگیرکاری و جەنگ و میلتاریزمی ئەمریکادا هەیانە، گەرەکیانە ئیستراتیژی‌یەکی جیهانی بۆهەستانەوەی شکستەکانی ئیسلامی سیاسی لە دوای جەنگی ئەفغانستان لە عیراقدا پەیرەوی بکەن. . ئەم بالە کەخویناوترین و دژی ئینسانی ترین ریبازی لەهاوکیشە سیاسی‌یەکانی ئیستای عیراقدا بەدەستەوە گرتووە ، نەك هەر پەوەندیکیان بە مقاوەمەتی خەلکی عیراق بۆ دەربازبوون لەسیناریۆی جەنگ و داگیرکاری وبەدیهینانی دەسەلاتداریتی جەماوەری‌یەوە نی‌یە بەلکو کارنامەو کردەوەی رەشیان راستەوخۆی بەدژی ئەم ئومیدەی خەلکی عیراقە.

رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردووی شارەکانی ناوەراست و خوارو دەیسەلینن کە کارنامەی ئیسلامی سیاسی بەهەردوو بالی "قانون گەرایی و مقاوەمەچی‌یان"ی‌یەوە، ئەوەیە کە چ بەتاکتیکی تەئیدی "ئیحتلال" وەیا تاکتیکی "مقاوەمەت" ەوە لەمیداندابن تەنهاو تەنها ئیستراتیژی ئیسلامی سیاسی بۆ داهاتویەکی رەش پیشنیاردەکات، کەنەك هەر جیگایەك بۆخواستە ئینسانی ومەدەنی‌یەکانی خەلك ناهیلیتەوە، بەلکو بەدیلی ئیستبدای ئیسلامی و حاکمیەتی رەشی مەزهەبی کردۆتە ئامانجی خۆی.

حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراق و هەلویست لەبالەکانی ئیسلامی سیاسی:

کۆمۆنیزمی کریکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بزوتنەوە وحیزبیکی ئەوپەری دژی ئیسلامی سیاسی‌یە بەبی‌جیاوازی کردن لەنیوان ئەم یان ئەو بال و دەستەو تاقمی ئیسلامی و ئەم یان ئەو مەزهەب و مەراجعی‌یەوە. ئەم هەلویستەشی تەنها لەو رووە نی‌یە، کەئیسلام و ئیسلامی سیاسی روانگەیەکی ئایدۆلۆژی خورافی و کۆنەپەرەستانەی بۆرژوازی‌یە کە پیچەوانەی لەگەل زانست و عەقل ومەنتق وپیشکەوتنی کۆمەلایەتیدا هەیە، بەلکو لەو رووەوەیەکە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، ئیسلامی سیاسی بەیەکیك لە خویناوترین و دژی ئینسانی‌ترین بزوتنەوەی رەشی بۆرژوازی دەزانی کە راستەخۆ لەبەرامبەر ماف و ئازادی خۆشگوزەرانی خەلك و پیشکەوتن و مەدەنی‌یەتی کۆمەلگادا راوەستاوە. ئیسلام و ئیسلامی سیاسی ئایدیۆلۆژیاو بزوتنەوەی سەردەمانی قەیرانی سیاسی و حکومەتی بۆرژوازی‌یە کەلەریگای تیرۆرو تۆقاندن و سەرکوت و ئینکار کردنی سەرەتایی‌ترین ماف و ئازادی‌یەکانی خەلك وپەلاماردانی رادیکالیزم و ئازادیخوازی‌یەوە بۆ نەجاتدانی حاکمیەتی بۆرژوازی وسەرمایەداری هاتۆتەمەیدانەوە. داسەپاندنی ئیستبدادی رەش، ئیعدام وزیندان وتیرۆری مخالیفانی سیاسی، دانانی ژنان ومنالان لەبەردەم حوکمی بەردەباران و چادرپۆشین و بی‌بەشکردنیان لەسەرەتایی‌ترین مافی ئینسانیان، راگرتنی هەژاری و نەداری ودواکەوتوویی و دابرانی کۆمەلگا لەشاریی‌ی پیشکەوتن و شارستانیتی جیهانی، ژیرپیانی هەرجۆرە ماف وئازادی‌یەکی فەردی وشەخصی وسەرکوتی خویناوی حەزو ئارەزوی لاوان و ..دەیان موسیبەتی تر ئەمانە گۆشە بەرچاوەکانی کارنامەی رەشی ئیسلامی‌سیاسی‌یە، کەلەلایەن بالەکان و دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی‌یەوە بەئاستی جۆراوجۆر چ لەسەردەمی دەسەلاتداریتی‌دا و چ لەکاتی ئۆپۆزسیۆنیدا پەیرەوی‌یان لیکراوە وکۆمەلگایان پی ژەهراوی کردووە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پی‌ی وایە کەدامەزراندنی کۆمەلگایەکی سکولار وخۆشگوزەران کەئەمنیەت وئارامی وماف وئازادی‌یەکانی هەمووان بەرەسمی بناسینی ، بەبی دەستکۆتاکردن و وەدەرنانی ئیسلامی سیاسی لەژیان و چارەنوسی سیاسی خەلك و کۆمەلگا مومکین نی‌یە. تەنانەت کۆتایی هینان بەسیناریۆیەك کەیەخەی بەخەلکی عیراق گرتووە لەجەبهەیەکی سەرەکیدا راوەستانەوەیە بەرووی ئیسلامی سیاسی و کارنامەیەك کە لەنیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا بەریوەی دەبات. لەم روانگەیەوەیە کەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وەك هیزیکی دژی ئیسلامی سیاسی خۆی ناساندووە. بەلام واوەتر لەم هەلویستە ئوسولی و مەبدەئی‌یە، ئەم حیزبە لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیسلامیدا، و بۆ رزگارکردنی کۆمەلگا لەم پەتایەو دەستکۆتاکردنی، بەکۆمەلیك سیاسەت و دروشمەوە لەچەندین ئاست و مەیداندا تیدەکۆشی کە سەرخەتەکانی بەمجۆرەیە:

لەئاستی سیاسیدا، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق خەبات بۆ کۆتایی هینان بەسیناریۆی رەش ودەسەلاتی عسکری ئەمریکا وهاوکات دامەزراندنی حکومەتیکی سکولاری غەیرە قەومی وغەیرە مەزهەبی لەسەر بناغەی مافی هاوولاتیانی یەکسان بۆهەمووان و جگیرکردنی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی خەلك و لەم چۆارچیوەیەشدا جی بەجیکردنی دروشمی جیایی دین لەدەولەت وبووارەکانی پەروەردەو فیرکردن وجیگیرکردنی هەموو ئەمانە لەدەستوری نویی ولاتدا دەتوانی پاشەکشەیەکی سیاسی بەئیسلامی سیاسی بکاو دەرگای کۆمەلگا بەروی داهاتویەکی ئازاد بکاتەوە. وەلە ئاستی دابینکردنی ئەمنەیەت و دورخستنەوەی دیاردەی تیرۆرو کوشتاری خەلك حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق خوازیاری دەخالەتدانی خەلك و هینانە مەیدانی جەماوەری ریکخراوە بەرووی هەرجۆرە کردەوەیەکی تیروریستیدا، لەمبارەوە سپاردنی ئەمنیەتی شارەکان و شوینی کارو ژیانی خەلك بەخودی جەماوری ریکخراو وچەکداری ئەو شوینانەو پاشان بەستنەوەی سەرجەم حیزب و هیزەسیاسیەکان بە بەلگەنامەیەکەوە کە دەستبردن بۆ کردەوەی چەکدارانەو کاری تیرۆرو تەقاندنەوە مەحکومدەکات ولەدەستوریان دەردینی، دەتوانی هەنگاویکی جدی بیت لەدورخستنەوەی مەترسیەکانی تیرۆرو تیرۆریزمی ئیسلامی. وەلە زەمینەی ئایدیۆلۆژیدا، بەریخستنی بزوتنەوەیەکی رەخنەگرانەو رۆشنگەری سکولار وئاتەئیستی بەرامبەر بەئایدیۆلۆژایای ئیسلامی وئاکارو فەرهەنگیك کە ئەم بزوتنەوەیە بەسەر کۆمەلگادا دای دەسەپینی، دەتوانی ریگابکاتەوە بەرووی کۆمەلگایەکی عەقلانی ورشنگەرو کراوەدا کەپەنابردن بۆ ئیسلام و باوەری ئاینی دەخاتە کەنارەوە. وە لەئاستی کۆمەلایەتی وئابووریدا، پەیرەوکردنی قانونی یەکسانی ژن وپیاو هینانە پیشەوەی سیستەمی پەروەردەیی مۆدیرن و پیشرەو ، دابینکردنی کارو پیداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەلایەتی بۆ هەرفەردیك و نەجات دانی کۆمەلگا لەهەژاری ونەبوونی و نەخۆیندەواری .. دەتوانی بوواری کۆمەلایەتی لەبەردەم ئیسلامی سیاسیدا تەسك بکاتەوە و زەمینەکانی گەشەو هەلدانی بنەبربکات.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکای عیراق ویرای ئەم جیهەتگیریانەی سەرەوە، لەنیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا تیدەکۆشیت تاکۆمەلکا بەئاقاری دژای ئیسلامی سیاسی بوون و رەتدانەوەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و پاکردنەوەی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی هەلخرینی.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com